# نامەیەک

**ئا: سەرنووسەر**

**نامەیەک لە (شێخ نووریی شێخ ساڵح)ـەوە، بۆ عەلائەددین سەجادی (١)**

**٥٨/٥/١٢ (١٩) (٢)**

**برای بەرز و بەنرخم مامۆستا عەلائەددین..**

هەموو کاتێکتان باش.

لە یەزدان ئەپاڕێمەوە بەتەندروستی و خۆشی ڕابوێرن. نامەکەتانم وەرگرت (٣)، لێم عایەن بوو کە ئەدەبیاتەکەتان زۆر جوان خوێندۆتەوە (٤)، بەرامبەر بەم زەحمەتەتان سوپاسی بێ پایانتان پێشکەش ئەکەم.

قوربان! لە ئەساسا مەبەس لە نووسین و بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە ئەوەیە، ئەم شاعیرانەی کە ئێستا بەپای پیلان شیعر ئەخەنە پێش چاوی خوێندەواران (٥) وا تێگەیشتوون شیعر لەم عەسرەدا وەکوو سائیر شتی تر، تەتەوری کردووە و تەتەورەکەش عیبارەتە لە ڕیعایەت نەکردنی ئەوزان و قەوافی و بەکارهێنانی وشەی کوردیی پەتی، لە جێگای خۆیا بێ، یان نەبێ، (٦) ئیتر هەرچی نەواحی ئەدەبییەی تری شیعر و ئەدەبیات هەیە، ڕیعایەت کردن و نەکردنی زیادە (٧). یەعنی شت بڵێن و بنووسن و خۆیان ناوی بنێن شیعر، ئیتر بەسە و تەواوە (٨).

مەعلوومی عالیتانە، تەئلیف بۆ ئەو خوێندەوارانەیە کە ئەیخوێننەوە و تێی ئەگەن، بۆ ئەوانە نییە کە نازانن ئەدەب و ئەدەبیات چییە (٩)، ئەمجا ئە (م) بەشە شاعیرانە ئەگەر لەم نەوعە تەئلیفانە خوا کردی و کەوتنە ڕەخنەگرتن، ئەو تەنقیدە مەعنەن تەئییدە بۆ ئەو تەئلیفە کە ئیستیناد بە مەباحسی علمییەوە، هاتبێتە وجوود (١٠). تەبعەن ئەوانە ئەبن بەڕەخنەگر، شاعیر و یان ئەدیب نین و ناشزانن کە شاعیر و ئەدیب نین (کە فەلاکەتی گەورە بۆ خۆیان) ئەمەیە (١١) مەعنای ڕاستەقینەی ئەدیب ئەوەیە کە وەلەو لە دەرجەیەکی کەمیشا بێ، کەم تا بێژێ لە قەواعیدی ئەدەب شارەزا بێ (١٢). بزانن تەشبیە چییە، ئیستیعارە مەعنای چییە، لەف و نەشر چۆنە و زۆر شتی وا لە قەواعیدی ئەدەب بزانن.

تەقریبەن دە پانزە ساڵ لەمەوپێش تاقمێک لێرە (وە) چووبوون بۆ پێنجوێن، لوجنەی فەحسی تووتن بوون، لەو سەردەمەدا یادی بەخێر، ڕەشید سدقی (١٣) مودیری ناحیەی پێنجوێن بوو، لەبەرئەوەی مودیر گەورەترین مووەزەفی ناحیەیە،

بەتەبیعەت لە ئەوقاتی فەراغا هەموو لوجنە لای ئەو کۆ ئەبوونەوە، مودیریش جەنابتان ئەیزانن کە شاعیرە، ئەکسەری وەقتیان بەشیعر خوێندنەوە لای ئەو ڕابواردووە. ئەوانەی کە گوێیان لە خوێندنەوەی شیعریش نەبووە، هەموویان بە تەئسیری شاعیری بەناوبانگ ڕەشید سدقی بووبوون بە شاعیر(١٤). لە چ جێگایەک کۆ ئەبوونەوە، چ نەوعە خواردەمەنییەکیان ئەخوارد، عشق و غەڕام لەگەڵ کێ و لە چ دەرەجەی شدەتێکا بووبێ، پەی دەر پەی ئەکرا بەغەزەل و قەسیدە و ئەنێررا بۆ خوالێخۆشبوو پیرەمێرد. یەکێ لەم شاعیرانە ڕەفعەت ئەفەندی درێژ بوو، غەزەلێکی ناردبوو بۆ ئەوەی لە ژینا چاپ بکرێ، شیعرەکان توخنی وەزن نەکەوتبوون، بەڵام هەموو ئاخری دێرێک لەگەڵ دێڕی دووهەمی موقەففا وەکوو مریشکی سوورەوەکراو و پاقڵەی کوڵاو و گۆشتی برژاو، غەزەلەکەش مەوزووعەکەی هەر خواردن بوو و مەوزووع تەطەڕوقی کردبوو بەئیشارەت، لەم غەزەلەدا باسی ئەوەشی کردبوو کە ڕەشید سدقی مەیلی کچی مەلا ئەکات و



ڕۆژێک لە مەجلیسەکەیاندا مەوزووع کراوەتەوە و زۆر تووڕە بووە. پیرەمێرد خوا لێی خۆش بێ ئەمەی لە ژینا چاپ کرد. پێنجشەممە بوو، ئەو ڕۆژە جەریدە دەرچوو، خۆی بۆی هێنام بۆ خەزێنە (ئەو سەردەمە لەوێ کاتبی مەسرەف بووم) نیشانی دام، عەرزم کرد خاڵە بۆ جەریدەکەی خۆت بەجوان و موناسبی نازانم ئەم جۆرە شتانەی تیا بنووسرێ(١٥). فەرمووی بۆ ئەوەی حەیایان بەرم، بۆیە نووسیومە، منیش بۆ پێنجشەممەی ئایندە ئەم چەند شیعرەم دایە خزمەتی، وتم ئەمەش چاپ کە (ئەمەیە شیعرەکان) لە ١٩٤٢دا (١٦) وتراوە.

**حەقە ئەمڕۆ بدا تانە لە ماهـ و مشتەری و ئەختەر**
**سولەیمانی بەشیعری ئێوەوە ناویەتە سەر، ئەفسەر**
**تەماشای لاپەڕەی ژین کەن، نییە جێ نوختەیە خاڵی**
**لەبەر ئەشعاری تازەی شاعیران، ئەم سەر هەتا ئەو سەر**
**ئەبینی شیعری لوجنەی فەحسی تووتن بێشەمە و بۆندار**
**ئەبینی میسرەعی وا قامەتی بەرزە وەکوو عەرعەر**
**ئەبینی شیعری (سدقی) پڕ لە نوکتەی خۆش و مەعیندار**
**لەسەر ماڵی (مەلا) شەڕیە لەسەر پێیە وەکوو وەروەر**
**ئەبینی شیعری وا پڕیە لە قەیسی و مێوژ و بادام**
**فەساحەت جیڕ و هوڕی دێ لەوێدا وەک کەلەرمی تەڕ**
**لەناو ئەشعاری ئەم خۆراکە نایابانە شیعری کۆن**
**ئەشوبهێ هەر بەتەشپی پڕ لە ترخێنە و**

**لەپەی ساوەر**

**شوکر فەوتا جیناس و قاعیدەی تەشخیس و ئیستیفهام**

**هەتاکەی بۆ (تەضادێ) دابمێنم والە و موضطەر**

**هەتا کەی من مقەیەد بم بەقەیدی قافییە و ئەوزان**

**هەتاکوو کەی (تجاهولی عارفانە) بێنمە دەفتەر**

**لەگەڵ تەردید و قەتعا، بۆ نەکەم قەتعی عیلاقەی دڵ**

**بەکەڵکی چیم ئەشێ، غەیری خەفەت هێنان و دەردی سەر**

**دەبا بڕوا (وضوح) و (ئیستیعارە) گۆڕی با گوم بێ**

**ڕجوع و (حوسنی تەعلیل) و نیدای حسی بەدیع ئاوەر**

**لە بۆ چیم چاکە بەینێ دابمێنم بۆ (لەف و نەشرێ)**

**(مورەتەب)، یا (مشەوەش) (١٧) بۆ بەدڵما چێ وەکوو نەشتەر**

**بەقانوونیش مووەزەف گەییە حەددی خۆی تەقاویتە**

**تەمای چیمان هەیە تاکەی بژی شیعری من و زێوەر (١٨)**

**٤١/٢/٢٥ (١٩) (١٩)**

***

کاکە عەلائەددین، ئەمجا ڕۆژێک ئەبێ ئەم شاعیرە بەنرخانە، یان خۆیان تێ ئەگەن کە شاعیر نین، و (٥) یان خێرخواهێک تێیان ئەگەیەنێ و کە لە ئەوە و ئەدەبیات تێگەیشتن، تەبعەن فێر ئەبن و کە فێر بوون، ئەمجا ئەنووسن و باش ئەنووسن (٢٠).

ئەمجا کە وابوو هەروەکوو عەرزم کردن، موختار و مفەوەزن، ئەتوانن چ نەوعە دەس لێدانێ کە پێویست بێ دەستی لێدەن (٢١) و کەلیماتی عەرەبی (حتی الأمكان) بگۆڕن بە کوردی (٢٢). پاش ئەوە تەرتیبی و حەجمی لاپەڕەکانی، لەگەڵ مقەدیمەیەکی خۆتا بۆم بنێریتەوە کە خۆم لێرە لەسەر ئەو تەوسییەیە تەبییزی بکەم و بۆ چاپکردنی چی پێویستە عەرزتانی بکەم (٢٣)، ئیتر بەدڵ و بەگیان ژیان و بەرزیتان لە یەزدان داوا ئەکەم.

**ئیمزا**

**نووریی شێخ ساڵح**

**سلێمانی**

**١٩٥٨/٥/١٤**

**پەراوێزەکان:**

(١) هەر لە سەرەتای دەسپێکی خوێندنەوە و نووسینمەوە، بایەخی زۆرم نەک هەر بە نامە، بگرە بە هەر بەڵگەنامە و دەستنووس و لەتە کاغەزێکیش داوە کە لەم و لەوەوە بۆم هاتبێ، یان بەسەریدا کەوتبم، یان دەستم کەوتبێ. ئەو نامە و وێنە و دوکیۆمێنتانەی لێ دەربکرێ کە بەهۆی ڕووداوە کارەساتبار و شوومەکانی شەڕی ناوخۆی ساڵی ١٩٩٤ بەرۆکی ئەو میللەتە بەدبەختەی گرت، کە ئەو ڕووداوە بۆ منیش زەرەر و زیانی زۆری لێ کەوتەوە، باسی زەرەری ماددی ناکەم، با ئەوەیان لەولا بووەستێ، ئەوەی بەلای منەوە گرنگە، زەرەری مەعنەوی و فەوتانی کۆمەڵێک کاسێتی ڤیدیۆیی و دەنگی و نامە و وێنەی فۆتۆگرافی و بەڵگەنامە و کتێبی گرنگی کتێبخانەکەم بوون، کە گەرامەوە سەریان زۆریان دیار نەمابوون، کە ئەوانە هەرگیز قەرەبوو ناکرێنەوە، بۆیە ئێستاشی لەگەڵدابێ حەسرەتی دیار نەمان و ونبوونیان لە دڵمدا ماوە. ئەو نامەیەی شاعیری نوێگەر شێخ نووریی شێخ ساڵح کە بۆ م. عەلائەددین سەجادی

ناردووە، لەسەردانێکی بەغدامدا، (پێش کوژرانی (دانا)ی کوڕی، لە شەڕی قادسیەی نێوان عێراق و ئێران)، لە ساڵی ١٩٨٣ بوو، کە لەگەڵ (جەمال خەزنەدار)ی هاوڕێم لە ماڵەوە چووینە لای، بۆ ئەم سەردانەم پێشتر بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵی کردبوو و کاتی یەکتر بینینەکەمان دانابوو، ئەوجارە داوای دەستنووسی شێخ نووری -م لێ کرد، چونکە پێشتر جارێک ڕووبەڕوو گفتوگۆم لەبارەی شێخ نووری-یەوە لەگەڵدا کردبوو، جارێکیش لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە زانیارییەکانی لەلای بوون، لێم وەرگرت و بە دزی ئەوەوە بۆ مێژوو تۆمارم کردن، ئەوجارە باسی ئەو نامەیە و کتێبێکی دەستنووسی شێخ نووری بۆ کردم، گوتی کتێبەکەیم بەنامەیەکی خۆمەوە بۆ ناردەوە، کە تا ئێستاش نامەکەی ئەوم لەلا ماوە، ئێستا دەچم لێی دەگەڕێم، ئەگەر لە کتێبخانەکەم دۆزیمەوە، ئەوە بۆتی دەهێنم و دەتدەمێ. ئەوەبوو چووە ژووری کتێبخانەکەی و پاش ماوەیەک هاتەوە و نامەکەی بۆم دۆزیبووەوە، کە دەقی ئەو نامەیە، ئێستا بە ڕوونکردەوە و پەراوێزەوە دەخەمە بەردەستی خوێنەرانی ڕامان و دەیخوێنینەوە، ئەگەرچی پێشتر لە لاپەڕە (٦٠٦ - ٦٠٨)ی دیوانی (شێخ نووریی شێخ ساڵح)دا بڵاوکراوەتەوە، بەڵام لەوێ هیچ ڕوونکردنەوە و پەراوێزێکم بۆی نەنووسیوە، بێجگە لە نامەکەی م. سەجادی، شێخ نووری، نامەی بۆ حوسێن حوزنی موکریانی (کە لە پاڵ شیعرێکی بەناوی زاری کرمانجی، بەتایپکراوی لە داوێنی شیعرەکەی زاری کرمانجی-دا بڵاوکراوەتەوە)، سەیری دیوانی شێخ نووریی شێخ ساڵح بکرێ، کە نامەکەم لە لاپەڕەی ٥٢٨دا بڵاوکردووەتەوە، هەروەها نامەی بۆ گیوی موکریانی و عەبدولڕەحمان موفتی (شێرۆ)ش ناردووە، ئەم نامانەم لەدوای گەڕان و سۆراخی زۆر بەدەست کەوتوون و لە پاشکۆی ژمارە (١)ی کتێبەکەمدا بەڕێنووسی ئەمڕۆ جێگەم بۆ کردوونەتەوە، بەداخەوە لەو چەند نامەیە بترازێ، زیاترم بەدەست نەکەوت، ئەگەرچی هەوڵی زۆرم دا و سەروسۆراخی زۆریشم کرد، ئەگینا هیی دیکەشم بەدەست کەوتبان، ئەوە ئەوانیشم لەو پاشکۆیەدا بڵاو دەکردنەوە، چونکە وەک دیارە زانیاری و بیروڕای زۆر جوان و گرنگی (شێخ نووری)یان گرتووەتەخۆ کە بۆ توێژینەوە نووسین، دەستی توێژەرەوە و باسکاران دەگرن.

(٢) بۆ نووسینی مێژووی نامەکە، لە سەرەتاوە نووسراوە ٥٨/٥/١٢ (١٩)، کەچی لە کۆتایی نامەکەدا، ١٩٥٨/٥/١٤ی نووسیوە، لەوانەیە ئەوە سەهووکردنی کاتی نووسین بێ، یان کە سەرەتا نامەکەی لە ڕۆژی ١٩٥٨/٥/١٢دا دەست پێ کردووە، دوای دوو ڕۆژ چووبێتەوە سەری و تەواوی کردبێ.

(٣) دیارە م. سەجادی بەنامەیەکەوە دەستنووسی کتێبەکەی بۆ شێخ نووری ناردووەتەوە، بەداخەوە ئەرشیڤی شێخ نووری، نەک نامە و دوکیۆمێنتی گرنگی هاوڕێکانی، یان وێنەی خۆی و هاوەڵەکانی نەپارێزراون، بگرە بەهۆی بارودۆخی سیاسیی کوردستان و دۆخی تایبەتی خانەوادەی ئەو شاعیرە، نەتوانراوە بە هیچ شێوەیەک ئەو دەستنووس و ئەرشیڤەی بپارێزرێ، بۆیە بەشێکی زۆر لە شیعرەکانی، لەگەڵ چەندان کتێبی دەستنووسی گرنگی فەوتاون، ئەمەم بە دووروودرێژی لە کتێبەکەمدا (دیوانی شێخ نووریی شێخ ساڵح، لە لاپەڕە (٤٧ تا ٥٢) باس کردووە.

(٤) لە نامەکەدا نووسیویەتی: (لێم عایەن بوو کە ئەدەبیاتەکەتان زۆر جوان خوێندۆتەوە)، مەبەستی شێخ نووری لە زۆر جوان خوێندنەوەی ئەدەبیاتەکە، دەستنووسی ئەو کتێبەیە کە لەبارەی شیعر و کێش و سەروا و هونەرەکانی ڕەوانبێژی نووسیویەتی و بۆ م. سەجادی ڕەوانە کردووە، تا دوای خوێندنەوەی، لە سەرنج و تێبینی خۆی ئاگاداری بکاتەوە و پێشەکییەکی بۆ بنووسێ.

(٥) شێخ نووری لەو نامەیەدا، ئامانجی

نووسینی کتێبەکەی بۆ ڕوونکردووەتەوە و دەڵێ: (ئەم شاعیرانەی کە ئێستا بە پای پیلان شیعر ئەخەنە پێش چاوی خوێندەواران)، ئەو جۆرە شاعیرانەش بێ چاوێنی بێ، لە هەموو سەردەمێکدا ژمارەیان زۆرە کە زۆر ساکار و سەرپێیی دەنووسن، ئەوانە ئەمڕۆکەش لە هەموو ڕۆژێ زیاتر دەستیان ناوەتە بینی شیعرەوە و دەیانەوێ لەبەرچاوی خوێنەران بێزراوی بکەن، بەمەش خراپ کەوتوونەتە بیرازکردنی.

(٦) نووسیویەتی: (وا تێگەیشتوون شیعر لەم عەسرەدا وەکوو سائیر شتی تر تەتەوری کردووە و تەتەورەکەش عیبارەتە لە ڕیعایەت نەکردنی ئەوزان و قەوافی و وشەی کوردی پەتی، لە جێگەی خۆیا بێ، یان نەبێ)، گومانی تێدا نییە، شیعریش وەکوو هەموو جومگە و لایەنەکانی دیکەی ژیان و سەردەم دەگۆڕێ و لەو گۆڕانە بێبەش نەبووە و نییە، بەردەوام کاژی خۆی فڕێ دەدا و لە نوێبوونەوەدایە، بەڵام ئەوانەی بە ناوی پێشکەوتنەوە دەیانەوێ گۆڕانکاری بەسەر شیعردا بهێنن، هەموویان لە عۆدەی ئەو نوێبوونەیە نایەن، هەر ناشی و ناکارەیەک ئەهلی ئەو کارە نییە، بۆیە شێخ نووری زۆر بەجوانی دەستنیشانی نەخۆشیی ئەوانەی کردووە و ڕاستەوخۆ ئاماژەیان بۆ دەکا کە ئەوانە پێیان وایە بۆ پێشکەوتنەکانی سەردەمەکە، نووسینی شیعری جوان و پێشکەوتوو، سەرکەوتنەکەی لەوەدا دەبینن کێش و سەروا بەلاوە بنێن، یان پێیان وایە ئەگەر وشەی کوردیی پەتییان بەکارهێنا، ئەوە شیعری باش و سەرکەوتوویان نووسیوە، ئەوجا وشە کوردییە پەتییەکە، لە شوێنی خۆی بەکار هاتبێ، یان نا، واتە دەیەوێ بڵێ ئەوەی ئەو تەرزە شاعیرانە تێی گەیشتوون و دەیکەن، خەریکبوونە بە تۆیکڵ و ڕواڵەتی شیعر، نەک جەوهەری شیعر، کە لە بنەڕەتەوە تێڕوانینێکی نوێیە بۆ ژیان و سەردەمەکە.

(٧) ئەوجا دەنووسێ: (ئیتر هەرچی نەواحی ئەدەبییەی تری شیعر و ئەدەبیات هەیە، ڕیعایەت کردن و نەکردنی زیادە)، لێرەدا جەخت لەسەر ئەدەبییەتی ئەدەب و شیعرییەتی شیعر دەکاتەوە، چونکە ئەوانەی بە ڕواڵەت و لایەنە لاوەکییەکانی شیعرەوە خەریکن، لایەنە ئیستێتکییەکانی شیعر ڕەچاو ناکەن و بەلاشیانەوە گرنگ نییە لە شیعرەکانیاندا ببێ، یان نەبێ، ئەوانەی شێخ نووری ڕووی دەمی تێکردوون، ئەوانەن کە بەسەر ئەدەبیاتەوە مشەخۆر و لامێژن، مەبەستیان پێشخستنی ئەدەبیات نییە، ئەوەندەی مەبەستیان ناوبانگ دەرکردن و خۆهێنانە پێشەوە و خۆڕەپێشکردنە.

(٨) هەروەها دەڵێ: (یەعنی شت بڵێن و بنووسن و خۆیان ناوی بنێن شیعر، ئیتر بەسە و تەواوە)، لێرەدا بەتەواوی مەبەست و نیازی خۆی ئاشکرا دەکا، بۆیە ڕەخنە لەو جۆرە شاعیرانە دەگرێ، چونکە لایان وایە (هەرچی نەواحی ئەدەبییەی شیعر و ئەدەبیات هەیە، ڕیعایەت کردن و نەکردنی زیادە)، واتە تەنیا دەیانەوێ شتێک بنووسن (خۆیان ناوی بنێن شیعر)، نەک خەڵکی شارەزا و شیعرناس بە شیعری بزانن، بۆیە بە کەسانی دوور لە شیعر وێنایان دەکا کە ئەوەی دەینووسن هیچ بنەمایەکی شیعرییەت و جوانی و هونەر لە شیعرەکانیاندا بوونی نییە، ئەوانە لەناو دنیای شیعردا کەفەژیلکەن و ڕەوتەنی دەمێننەوە، زۆر نابا ناویان لە کولەکەی تەڕیشدا نامێنێ.

(٩) نووسیویەتی: (مەعلوومی عالیتانە، تەئلیف بۆ ئەو خوێندەوارانەیە کە ئەیخوێننەوە و تێی ئەگەن، بۆ ئەوانە نییە کە نازانن ئەدەب و ئەدەبیات چییە)، دیارە دەستی لەو جۆرە شاعیرە نەخوێندەوارانە شووشتووە کە مەبەستیان نییە

کەڵک لە کتێبە نووسراوەکەی ئەو و لە کتێبی بەسوودی دی وەربگرن، زیاتر ڕووی دەمی دەکاتە ئەو شاعیرە خوێندەوارانەی دەیخوێننەوە و تێی دەگەن، نەک ئەوانەی نازانن بەری ئەدەبیات و شیعر بەکوێوەیە، کەچی پەلاماری شیعر نووسین دەدەن و دەیانەوێ خۆیان بەسەریدا ساغ بکەنەوە.

(١٠) پاشان دەنووسێ: (ئە(م) بەشە شاعیرانە ئەگەر لەو نەوعە تەئلیفانە خواکردی و کەوتنە ڕەخنەگرتن، ئەو تەنقیدە مەعنەن تەئییدە بۆ ئەو تەئلیفە کە ئیستیناد بە مەباحسی علمییەوە، هاتبێتە وجوود)، لێرەدا شێخ نووری قسەی لەسەر بەشێک لەو شاعیرانەیە، مەبەستی هەموویان نییە، دەڵێ ئەو بەشە لە شاعیران، ئەگەر خواکردی و کەوتنە ڕەخنەگرتن لە کتێبەکە، ئەوە بێگومان ڕەخنەکەیان پشتیوانییە لە بۆچوونەکانی ناو کتێبە دانراوەکەم کە پشت ئەستوورە بە لێکۆڵینەوەی زانستی و لەژێر تیشکی ڕووناکیی ئەو توێژینەوە زانستیانەیە نووسراوە.

(١١) نووسیویەتی: {تەبعەن ئەوانە ئەبن بە ڕەخنەگر، شاعیر و یان ئەدیب نین و ناشزانن کە شاعیر و ئەدیب نین (کە فەلاکەتی گەورە بۆخۆیان) ئەمەیە}، شێخ نووری وەک ڕۆشنبیرێکی شارەزا کە خوێندنەوەی بۆ بارودۆخی ئەدەبیی سەردەمەکەی کردووە، بەچاکی ئەوەمان بۆ شی دەکاتەوە و دەستنیشان دەکا کە ئەوانەی دەبنە (ڕەخنەگر)ی کتێبەکەی، ئەوانە شاعیر و ئەدیب نین و ناشزانن کە شاعیر و ئەدیب نین، ئەمە دەردی هەموو ئەوانەیە نازانن کە نەزانن و کەوتوونەتە ناو وەهمی خۆ بەشاعیر و ئەدیب زانین، دیارە ئەو تاقم و گرووپە لەژێر کاریگەری شاعیر و ئەدیبەکانی دەوروبەردان، بە حسابی خۆیان گوایە خەریکی نوێگەری و شیعری ئازادن، بەڵام دوور لە بنەما جەوهەرییەکانی شیعر و یاسا و ڕێسای ئەدەبیات، نووسیویانە و دەنووسن.

(١٢) هەروەها پێناسەیەکی ئەدیب دەکات و دەڵێ: (مەعنای ڕاستەقینەی ئەدیب ئەوەیە کە وەلەو لە دەرەجەیەکی کەمیشا بێ، کەم تا بێژێ لە قەواعیدی ئەدەب شارەزا بێ)، ئەوانەی لە ئەدەبیات و شیعردا قووڵ دەبنەوە و شارەزایی لە یاسا و ڕێساکانیان پەیدا دەکەن، هەر زوو دەزانن شیعر و ئەدەبیات یاسای خۆیان هەیە، بۆیە لە سەرەتاوە سڵ لە نووسین دەکەنەوە، پێش ئەوەی کەس پێیان بڵێ و ئاگاداریان بکاتەوە، شەرم دەکەن دەست بۆ قەڵەم ببەن، ئەوە جورئەتی جەهالەتە وایان لێ دەکات بە (پای پیلان) شیعری ناشیعر بنووسن و خۆیان پێ شاعیری داهێن و گەورە و جواننووس بێ.

(١٣) ڕەشید سدقی: ناوی تەواوی ڕەشید سدقی غەفوورە، لە شاری سلێمانی، لە ساڵی ١٨٩٠ لە دایکبووە، لە حوجرە خوێندوویەتی، بەهۆی یەکەمین شەڕی جیهانییەوە براوەتە جەنگەکە و نەیتوانیوە خوێندن تەواو بکات. دواتر چووەتە ناو جووڵانەوەکەی شێخ مەحموودی حەفید و بەهۆیەوە تووشی گرتن و بەندیخانە بووە، بۆ ماوەی چەند ساڵێک کۆمەڵێ وەزیفەی بینیوە، لەوانە: یاریدەدەری بەڕێوەبەری ناحیەی (ناودەشت) و مەئمووری مالی قەرەداغ و بەڕێوەبەری ناحیەی تانجەرۆ و پێنجوێن و قائیمقامی پشدەر و ڕانیە و سەرۆکی شارەوانی سلێمانی و قائیمقامی کۆیە، تا لەو کاتەی کە لە کۆیە بووە، لە ١٩٥٤/٨/١دا خانەنشین بووە. سەرەڕای ئەمانە، خولیای شیعر و نووسین و ئەدەبی هەبووە، هەندێکیشی لە ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەدا، بەتایبەتی (ژین)ی پیرەمێرد بڵاوکردووەتەوە. لە ساڵی ١٩٥٦ کۆچی دوایی کردووە. شێخ نووری بەناوی (ئیسلاحی

ئاوی قوڵە)، لە ١٩٤٣/١/١٠دا چەند دێڕێکی بۆ نووسیوە، کە لە لاپەڕە (٥٥١)ی دیوانی (شێخ نووریی شێخ ساڵح)دا بڵاوکراوەتەوە. ڕەشید سدقی کە خۆی بە شاعیر زانیوە، یەکێکە لەوانەی شێخ نووری لە نامەکەیدا ئاماژەی پێ داوە، لەگەڵ ئەوانەی لە دەوری کۆبوونەتەوە و بە خاتری ئەوەی مودیر ناحیەیان بووە، شیعراندوویانە و وشەیان ڕیزکردووە. شێخ نووری دەڵێ: (ئەوانە کە ١٠ – ١٥ ساڵ لەمەوپێش کە بەناوی لوجنەی فەحسی تووتن چوونەتە پێنجوێن، کەوتوونەتە وتنی ئەو جۆرە شیعرانە، لەپاڵ کەسانی دیکەش کە دواتر کەوتنە نووسینی شیعری ئازاد و لە ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەدا بڵاویان دەکردنەوە، هەرچەندە من نامەوێ ناوی ئەوانەی ڕۆژنامەکانی (بروا) و (ئازادی) بهێنم، کە شیعری ئازادیان بڵاوکردەوە، بەڵام ئەوانە ڕۆژگار لە بیری کردن، ئەمڕۆ کەسیان وەک شاعیر ناویان نایەت و هەرزوو گۆڕیان گوم بوو.

(١٤) شێخ نووری نووسیویەتی: (هەموویان بە تەئسیری شاعیری بەناوبانگ ڕەشید سدقی بووبوون بە شاعیر)، ئەوجا مەرایی و مامە حەمەیی چی بە بنیادەم ناکا، ئەوانەی دەوروبەری ڕەشید سدقی لەبەر ئەوەی بەڕێوەبەریان بووە، بۆ ڕووپامایی و موجامەلەکردنی، هەروەها لەژێر تەئسیری (شیعرەکانی!) ئەو، کەوتوونەتە شیعر نووسین، ئاخۆ دەبێ لەژێر ئەو تەئسیرە چ شیعرێکیان نووسیبێ؟

(١٥) لەبەر ئەوەی شێخ نووری دۆستێکی نزیکی پیرەمێرد بووە، بۆیە دەڵێ: (پێنجشەممە بوو، ئەو ڕۆژە جەریدە دەرچوو، خۆی بۆی هێنام بۆ خەزێنە (ئەو سەردەمە لەوێ کاتبی مەسرەف بووم)، گلەیی ئەوەی لە پیرەمێرد کردووە و عەرزی کردووە: (بۆ جەریدەکەی خۆت بە جوان و موناسبی نازانم ئەو جۆرە شتانەی تیا بنووسرێ)، پیرەمێردیش پێی وتووە (بۆ ئەوەی حەیایان بەرم، بۆیە نووسیومە (بڵاوم کردووەتەوە).

(١٦) شێخ نووری دەڵێ: (بۆ پێنجشەممەی ئایندە ئەم چەند شیعرەم دایە خزمەتی، وتم ئەمەش چاپ کە)، دەقی شیعرەکە، لەگەڵ نامەکە لێرە بڵاوکراونەتەوە.

(١٧) لە پەراوێزی شیعرەکەدا باسی (جیناس) و (قاعیدەی تەشخیص و ئیستیفهام) و (تەضاد) و (تەجاهولی عارفانە) و (تەردید و قەطع) و (وضوح) و (ئیستیعارە) و (حوسنی تەعلیل) و (لەف و نەشر) و (مورەتەب) و (مشەوەش)م کردووە و لە بارەیانەوە ڕوونکردنەوەی تەواوم داوە، سەیری دیوانی شێخ نووریی شێخ ساڵح، لاپەڕە (٥٩٩ تا ٥٦١) بکرێ.

(١٨) ئەم شیعرەی لە ١٩٤١/٢/٢٥ نووسیوە، بەڵام لە نامەکەدا نووسیویەتی ١٩٤٢ وتراوە.

(١٩) ئەم شیعرەی داویەتی بە پیرەمێرد، پەراوێزێکی زۆرم بۆ زاراوەکانی ڕەوانبێژیی ناو شیعرەکە نووسیوە، خوێنەر دەتوانێ بگەڕێتەوە سەر دیوانەکە و ڕوونکردنەوە و زانیارییەکان لە پەراوێزەکەدا بخوێنێتەوە. لە دەستنووسەکەی شێخ نووری کە پشتم پێ بەستبوو، ئەم چەند دێڕەی بۆ شیعرەکەی خۆی نووسیوە: (سەردەمێ جەریدەی ژین بەعزێ شتی ئەنووسی، ناوی نرابوو شیعر، ئەم شیعرانەش کە لەلایەن لوجنەی فەحسی تووتن کە لە پێنجوێن بوون، ئەنێرران بۆ ژین. ژین – یش، یا بۆ پێکەنین، وەیا بۆ ڕازیکردنی ساحێب شیعرەکان چاپی ئەکردن، منیش ئەو شیعرانەم لەو وەختەدا وتووە و بڵاوم کردەوە – ١٩٤١/٢/٢٥.

(٢٠) شێخ نووری بە تەوسەوە نووسیویەتی: (ئەمجا ڕۆژێک ئەبێ ئەم «شاعیرە بەنرخانە»)،

پاشـان دەڵـێ: یـان خۆیـان تـێ ئەگـەن کـە شـاعیر نیـن و یـان خێرخواهێـک تێیـان ئەگەیەنـێ و کـە لـە ئـەوە و ئەدەبیـات تێگەیشـتن، تەبعـەن فێـر ئەبـن و کـە فێـر بـوون، ئەمجـا ئەنووسـن و بـاش ئەنووسـن)، بـاوەڕ ناکـەم ڕۆژێـک دابـێ ئەوانـە تێبگـەن کـە شاعیر نیـن و ئـەوەی نووسـیویانە شـیعر نەبـووە، بە قسـەی هیـچ خێرخواهێکیـش نایانـەوێ تێبگـەن کـە شیعر و ئەدەبیـات چۆنـە و چییـە، تەنیـا چارەسـەری دەردی ئـەو کەسـانە کـە لـەو ڕۆژگارەی ئەمڕۆشـماندا ژمارەیـان زۆرە و لـە زۆربوونـی زیاتریشـدان، تەنیـا و تەنیـا خوێندنەوەیـە، بـەڵام دەبـێ بزانن ئـەو خۆراکەی دەیکـەن بـە قورگـی بەهـرە و خەیاڵەکەیـان چ جـۆرە خۆراکێکـە، چونکـە بـە ئەزموونـی خـۆم گەیشـتووم بـەو قەناعەتـەی، هەنـدێ خوێندنـەوە، ئەوەنـدەی دی ئاسـۆی خەیـاڵ بەرتەسـک دەکات و بەهـرەی شـیعر دەکـوژێ، لـە جیاتـی ئـەوەی گەشـە بـە خەیـاڵ بـدا و بەهرەکەیـان نەشـونما بـکا، بەهرەکەیـان دەکـوژن.

(٢١) شـێخ نـووری لـەدوا دێڕەکانـی نامەکەیـدا نووسـیویەتی: (موختـار و مفـەوەز بـن، ئەتوانـن چ نەوعـە دەس لێدانـێ کـە پێویسـت بـێ دەسـتی لێـدەن)، وەک دیـارە داوای لـێ کـردووە سەرپشـک بـێ و هـەر جـۆرە دەسـتکاری کردنێـک پێویسـت بـێ، ئـەو بـۆی هەیـە دەسـتکاری ڕەشنووسـی کتێبەکـەی بـکا، ئـەوەش ئەوپـەڕی متمانەیـە کـە بـە م. سـەجادی هەیبـووە.

(٢٢) دەڵـێ: (کەلیماتـی عەرەبـی (حتـى الأمـكان) بگـۆڕن بـە کـوردی)، ئـەو خاکێتـی و خاکەڕاییـەی شـێخ نـووری کە لـە ژیانیـدا پەیڕەوی کـردووە و پێـی ناسـراوە، وای لـێ کـردووە لـە پـاش دەسـتکاریکردنی ناوەڕۆکـی کتێبەکـە، پێـی بڵـێ (ئەتوانـن چ نەوعـە دەس لێدانـێ کـە پێویسـت بـێ دەسـتی لێـدەن)، هەروەهـا داوای لێکـردووە تـا پێـی دەکـرێ وشـە عەرەبییـەکان بکاتـە کـوردی. کاتـێ مـن پرسـیاری ناوەڕۆکـی ئـەو کتێبـە و بـاری سـەرنجی م. سـەجادی — م لێ کرد، گوتـی لەوکاتـەدا کـە لـە بەغـدا خەریکـی دەرکردنـی گۆڤـاری گەلاوێـژ بوویـن، شـەوێک چـوار قۆڵـی لـە ئەبـوو نـواس (ئیبراهیـم ئەحمـەد، شـێخ نـووری، گـۆران و مـن) دانیشـتین، زۆر قسـەمان کـرد، قسـە هاتـە سـەرە عـرووز و هونەرەکانـی ڕەوانبێژی و باسـی شـیعر و نوێبوونەوە، دەرکەوت لـەو بوارانـەدا زۆر موتەبەحیـرە و لـە هەموومـان شـارەزاتر بـوو).

(٢٣) شـێخ نـووری بـۆی نووسـیوە: (پـاش ئـەوە تەرتیبـی و حەجمـی لاپەڕەکانـی، لەگـەڵ مقەدیمەیەکـی خۆتـا بـۆم بنێریتـەوە کـە خـۆم لێـرە لەسـەر ئـەو تەوسییەیە تەبییـزی بکـەم و بۆ چاپکردنـی چـی پێویسـتە عەرزتانـی بکـەم)، شـێخ نـووری ڕێکخسـتنی ڕەشنووسـەکە و قەبـارەی لاپەڕەکانـی، هەروەهـا نووسـینی پێشـەکییەکی لـێ داواکـردووە، پێشـی دەڵـێ لەسـەر ئـەو ڕاسـپاردە و سـەرنج و تێبینییانـەی تـۆ، ڕەشنووسـەکە پاکنـووس دەکـەم و بـۆ چـاپ ئامـادەی دەکـەم، بـەڵام سـەجادی بەبـێ نووسـینی پێشـەکی و بەبـێ هیچ دەسـتکاری و پێشـنیار و سـەرنج و تێبینییەک بـۆی ناردووەتـەوە، کـە پرسـیاری هۆکارەکـەم لێـی کـرد، گوتـی ئـەو پیـاوە لـە تەوزوعـدا ناخۆشـی کردبـوو، مـن شـەرمم کـرد پێشـەکی بـۆ بنووسـم، بۆیـە بـە نامەیەکـەوە داوای لێبوردنـم لـێ کـرد و بۆیـم ناردەوە، بەداخـەوە ئـەو نامەیـەی سـەجادی کـە بـۆ شـێخ نـووری ناردووە، لەبەردەسـتدا نییـە و فەوتـاوە.